کەسوکاری خانەوادە کوژراوەکەی گرەزە رونکردنەوەیەک لەبارەی رووداوەکەوە دەدەن

پاش ئەوەی هەفتەی رابردوو لە گوندی گرەزەی سنووری سەیدسادق شەش کەس کوژران کە ئەندامی یەک خێزان بوون، کەسوکاری خانەوادە کوژراوەکە ئەمشەو رونکردنەوەیەکیان بە دەزگاکانی راگەیاندن بەاوکردەوە لەبارەی رووداوەکە ،ئاماژەیان بەوەدا کە کوڕەکەیان باری دەروونی تەواو نەبووە.

ئەمە شەممە، کەسوکاری ئەو خێزانەی کە لە گوندی گرەزەی سەیدسادق کە شەش ئەندامی خێزانەکە کوژران، ئەمشەو لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەیان بەوەکرد، ئەو کوڕەی کە هەفتەی رابردوو پێنج ئەندامی خێزانەکەی کوشت، ماوەی چەند ساڵێکە لە وڵاتی بریتانیا دەژیت و دوە رۆژ پێش رووداوەکە گەڕاوەتەوە کوردستان.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو گەنجە هیچ کێشەیەکی نەبووە و وەك گەنجێکی دیندار نوێژ و رۆژوی گرتووە و سەردانی مزگەوتی کردووە، بەڵام وەك ئەوەی هەستی پێکرابوو ماوەیەك پێش ئێستا باری دەروونی تێکچووە و ئەو رووداوەی لە کەوتووەتەوە.

باسی لەوەشکرد، بەهەی ئەوەی باوکی ئەو گەنجە نەشتەرگەری بە کراوە و گەنجەکەش لەو کاتەدا لە بریتانیا گەڕاوەتەوە و کەسوکارەکەی سەرقاڵ بوون بە حاجی سالاری باوکیەوە و ئاگاداری دەخی ئەو گەنجە نەبوون و لەگەڵیدا نەبوون و تا رووداوەکەی لەکەوتووەتەوە.